پەنا بگرن بە خوای گەورە لە : (جهد البلاء، وَدَرَكِ الشقاء، وسوء القضاء، وشماتة الأعداء)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پەنا بگرن بە خوای گەورە لە : (جهد البلاء، وَدَرَكِ الشقاء، وسوء القضاء، وشماتة الأعداء)*»، لە گێڕانەوەیەکدا سوفیان دەڵێت: گومانم هەیە دانەیەکیانم زیاد کردبێت. *(بەڵا وتاقیکردنەوەی سەخت وناڕەحەت، وقووڵی لێقەومان (-ومەینەتی، وقەزای بڕیار لەسەر دراوی خراپ، ودڵخۆشبوونی دوژمنان -بەهۆی ناخۆشیەکانەوە
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە لەو فەرموودانەیە کە پێی دەووترێت -جوامع الكلم-ی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ، واتا چەند وشەیەکی کەمە بەڵام گەلێک واتای مەزنی تێدایە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا پەنای بە خوای گەورە گرت لە چوار شت، ئەگەر بەندە سەلامەت وپارێزراو بوو لەم شتانە ئەوا لە دونیا ودواڕۆژدا سەلامەت دەبێت، وئەمەیە بردنەوەی مەزن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە گرت لە چوار شت، ئەمانەن: (جهد البلاء:بەڵا وتاقیکردنەوەی سەخت وناڕەحەت): واتا ناڕەحەتی وسەختی بەڵا وناخۆشی -پەنا بە خودا-، چونکە بەڵا وتاقیکردنەوە زۆر سەخت وناڕەحەت بوو مرۆڤ ناتوانێت زامنی ئەوە بکات کە ناڕەزایی دەرنەپڕێت بەرامبەر قەدەرەکانی خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، بۆیە ئەم ناڕەزایی دەرپڕینە دەبێتە هۆی ئەوەی بەندە لە دونیا ودواڕۆژدا دۆڕاو بێت چونکە ئارامگر نەبوو بەرامبەر قەزا وقەدەرەکانی خوای گەورە. (وَدَرَكِ الشقاء: وقووڵی لێقەومان ومەینەتی): ئەمیش مەینەتی وسەختیەکانی دونیا ودواڕۆژ دەگرێتەوە بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەت ناڕەحەتی دواڕۆژ، چونکە سزا وسەختی قیامەت لە پاشیدا خۆشی نایەت؛ ئەگەر مرۆڤ بچێتە دۆزەخەوە یان سزایەکی سەخت بدرێت بە پێچەوانەی ناڕەحەتیەکانی دونیا کە لە تەمەنێکی کەمدا مرۆڤ ڕۆژێک ئاسوودەیە وڕۆژێکی تر لە سەختی وناڕەحەتیدایە. (وسوء القضاء:وقەزای بڕیار لەسەر دراوی خراپ): واتا قەزا وقەدەرێک حوکمی لەسەر درابێت لەسەر بەندە لە شتێکدا کە پێی ناڕەحەت بێت وئارامگر نەبێت، ئەمەش گشتییە وهەموو کاروبارێکی دونیا دەگرێتەوە لە: ماڵ ومنداڵ وتەندروستی وهاوسەر وهەموو شتێکی تر، وهەروەها سەبارەت بە ڕۆژی قیامەتیش، ولێرەدا مەبەست لە (القضاء:قەزا): ئەوە حوکمەیە خوای گەورە بڕیاری لەسەر داوە ولە هەموو حاڵەتێکدا خێرە بۆ بەندە؛ ئەگەر بەندە ئارامگر بێت هەروەکو فەرمانی پێکراوە لەسەر ئارامگرتن. (وشماتة الأعداء:ودڵخۆشبوونی دوژمنان -بەهۆی ناخۆشیەکانەوە-): ئاسوودە بوونی دوژمن بەهۆی زیانەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ئیماندار دڵتەنگ بێت وکاریگەری لەسەری دەبێت، ئەمیش دوژمنانی ئاین لە پلەی یەکەم دێت، وپاشان دوژمنان لە ڕووی دونیاوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6040